# ڕەفتارێکی مەترسیدار بەرامبەر هێزێکی مەترسیدار!

## قادر نادر

یەکگرتوی ئیسلامی لەماوەیەکی کورتدا و دوور لە توندو تیژی بەشێوازێکی هێمنانە توانی ببێتە هێزێکی سیاسی بەرچاو, ئەویش بە سوود وەرگرتن لەکەم کورتیەکانی یەکێتی وپار تی , بە هۆی ئەوەی پارتی ویەکێتی هیچ بەرنامە یان پرۆژەیەکیان لە 15 سالی دەسەلاتیان پێشکەش بە گەنج و هەژاران نەکرد, یەکگرتوو بەهەندێ خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی و ودانی هەندێ یارمەتی بە هەژارو لێقەوماو ان و چووە ناو قولاییان., لەبەرامبەر ئەمانەشدا گەشەسەندنی بیری ئیسلامی دوای سالی 90کانی سەدەی رابردوو و هەلگیرسانی شەری ناوەخۆو گەندەلی ئیداری هۆکاری تری گەشەسەندنی یەکگرتوو بوو .

ماوەیەکە نارەزایەتیەکانی خەلک بەرامبەر پارتی و یەکێتی لەتەشەنەسەندندایە, یەکگرتوو ئەم هەلەشی قۆزتەوە و بەلیستێکی جیا هاتە مەیدان , ئەمەش مافێکی سەرەتایی خۆیانە .

هەمومان بینیمان لەپێناوی بەردەوامی دەسەلات, پارتی و یەکێتی لە 15 سالی رابردوودا سلیان لە هیچ نەکردەوە هەموو خەتە سورەکانیان بەزاند, ئەگەر هەلومەرجی دەرەکی و هاوسۆزی جیهان لەگەل باشوری کوردستان نەبوایە, ئەوا دوای هەلگیرسانی شەری ناوەخۆ 94 بەدواوە کێشەی کورد بەرەو ئاقارێکی تر دەرۆیشت , نوێترین نمونەش یەکنەگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە کە چەقینەکەی مەسەلەی ماوەی دەسەلاتدارێتی سەرۆکی حکومەتە , ئەگەر دەسەلات ئەوەندە پیرۆزبێت لای ئەم دوو هێزە ,ئێستا چۆن بوار بە یە ککگرتوو دەدەن وا بە سانایی جێ پێ ی خۆی بکاتەوە لەنێو دەسەلاتی سیاسی کوردستاندا.؟

لە 50 سالی رابردوو ئەم دوو هێزە لەگەل سەرجەم جیابونەوەکان, پارت و رێکخراوی سیاسی و جەماوەری, بە شێوازی توندوتیژ مامەلەیان لەگەل کردون جا چ بەرێگای سەربازی بێت یان بە رێگای هەلمەتی راگەیاندن هەولی تێکشکاندنیان داون, نوێترین نمونە دوایین ئاخافتنی مام جەلال بوو بەبیژی و زۆل ئەو خەلکانەی وەسف کرد کەرەخنەیان لێ دەگرن! لەکاتێکدا خۆی و حزبەکەی ئەندامی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالن؟

رۆژی 6 ی ئەم مانگە لە ژێر دەسەلاتی پارتی لەچەندین شارو شارۆچکەوە پەلاماری بارەگاکانی یەکگرتوو دراکە پەیامە سەرەکیەکە بۆ چاوترساندنی ئەندام و دۆست و لایەنگرانیانە, تالە هەلبژاردنی 15 ی مانگ کەمترین دەنگ بهێنن. لەکاتێکدا زۆرجار هێزی سیاسی ئەگەر فشاری بۆ بردرا و خۆی رابگریت , ئەگەری زیاد بوونی لایەنگرو دۆستی هەیە.
ئەم شێوە رەفتارە ئەوەمان پێدەلێت ئەم دووهێزە ئەگەر هەست بکەن هەر هێزێکی تری سیاسی لەکوردستان گەشە بکات و لە چوارچێوەی سیاسەتەکانیان دەربچێت بە توندی مامەلەی لەگەل دەکەن, دلنیام بیانوەکەش مەترسی ئیسلامی نیە بەلکو هەر هێز و ئایدیەلۆژیاکی تربوایە هەمان عەقل مامەلەی لە گەل دەکرا.

, ئایا ململانێی سیاسی شێوازی توندو تیژ سەرکەوتوە ؟ لە کات و ساتی ئێستادا خەلکێکی بەرفراوان لە پارتی و یەکێتی بێزارە دواتر چاوی راگەیاندنی جیهانی و خودی ئەمریکیەکان لەسەر گۆرانە سیاسیەکانی عێراق و کوردستانە؟

دەکرێت شەری یەکگرتوو بە چاکسازی سیاسی و پەرەپێدانی دیموکراسیەت و هەولدان بۆ نەهێشتن یان کەم کردنەوەی گەندەلی و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە ی کوردستان و دەرکردنی چەند بریارێک بۆ خۆشگوزەرانکردنی ژیانی گەنج وهەژاران و نزیکبونەی دەسەلات لە جەماوەرو گۆرینی هەندێ سیمای ئەو سەرکردە سیاسیانەی کە دەسەلات وەک تاپۆی عوسمانلی لێک دەدەنەوە و هێنانی هەندێ سیمای نوێ و گەنج بۆناو سەرکردایەتی کوردو............باشترین ململانێ بێت لەگەل گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا.

چونکە ململانێ کردن لەگەل بالێکی ئیسلامی کە پەنای بۆشێوازی هێمنانە و سیاسیانە بردوە زۆر قورسترە لەو ەی کە شێوازی توندو تیژ دەگرێتە بەر.

ئەگەر پارتی و یەکێتی هەلگری ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی نین لە کوردستان دیموکراسیەت بەو دەردە چووە ؟ ؟ئەی ئەگەر یەکگرتوو دەسەلاتی زیاتربێت چ چارەنووسێکی تاریکتر چاوەرێی دە کات؟ لەکاتێکدا وەک تیۆریش خودی ئایینی ئیسلام بروای بە دیموکراسیەت نیە ؟

ئەگەر یەکگرتووش ئێستا بەشێوازی هێمنانەو جەماوەریانە خەبات دەکات و بە راگەیاندن باس لەقبولکردنی رای جیا واز دەکات ,بەلام لەشوێن پێکرنەوەی دەسەلاتدا گۆرانی زۆر و مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە؟ لەئەزمو نی دەسەلات و حوکمرانێتی ئیسلامیدا لەچەندسالی رابردووشدا هەرلەناوچەیەکەوەتا دەگاتە حکومەتێکەوە لە تالیبان وئێران وسعودیاوەئەو راستیەمان پێ دەلێت . دیموکراسیەت بوونی نابێت, ناتوانین نمونەی پارتەکەی ئەردۆغانیش وەک شێوازێکی نوێی بیری ئیسلامی لێک بدەینەوە,چونکە تایبەتمەندیەکانی تورکیا هەرلە کاریگەری دەسەلاتی سەربازی لەم وولاتە و80سالەی سیستەمی علمانی رێگرێکی سەرەکی مامەلەی سیاسیانە.

ئەگەر پارتی و یەکێتی گۆرانێکی ریشەیی لە بیری سیاسی نەکەن زۆر جێگای مەترسیە ئەو قوربانیە گەورەی چەپ و پێشکەوتوخوازی کوردستان داویەتی بۆهێنانە سەرکاری کوردستانێکی دیموکرات ئەوا ئیسلامیەکان بەرو بومەکە ی بەناوی دیموکراسیەتەوە بخۆن.

دەبەنگیە هیچ گۆرانێکی ریشەیی لە مامەلەی سیاسی و ئیداری نەکەیت کە نارەزایەتیەکانی خەلک گەیشتبێتە لوتکە و هەرچوار دەورمان دوژمن بێت و ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا لەگەشەسەندندابێت تۆش هەرلەسەر یادەوەری شاخ و زەبرو زەنگ بژیت.